# زمانی کوردی لەبەردەم ووشە بیّگانەکاندا

**شاخەوان شۆڕش**
2002.4.2

بەرلەوەی بچمە ناو بابەتەکە, دەمەویّ ئەوە رابگەیەنم کەوا ئەوەی لیّرەدا باسی لیّکراوە, تیّگەیشتن و بیروبۆچوونیّکە لە روانگەی خویّندەواریّکی کوردەوە. واتە من وەکو خویّنەر یا خویّندەواریّکی کورد هاتوومەتە ناو بابەتەکە.

زمان یەکیّکە لەفاکتەرە زۆر گرنگەکانی بەنەتەوەبوون, یا بەواتایەکیتر زمان یەکیّکە لەبەها گرنگەکانی چەمکی نەتەوە (ناسیۆن), بۆیە پیّویستە لەلایەك بەچاوی بەرپرسی و وریایەکی زۆرەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ زماندا بکریّ, لەلایەکیتر پاریّزگاری, پاککردنەوە و پاکڕاگرتن, هەروەها گەشەپیّکردن و پیّشخستنی زمان ئەرکیّکی لەپیّشی زمانزانەکانە. لەو بارودۆخەی ئەمڕۆماندا کەدەزگایەکی یا ناوەندیّکی سەرەکی نییە ئەم ئەرکەی زمان بگریّتە ئەستۆ و بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرابیّ, بۆیە دەکریّ بگوتریّ ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەو نووسەر و روناکبیرانەیە کە بەتەنگ زمانی کوردیەوە دیّن و لە ئازارەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی دەگەن. لیّرەدا نەمویست گشتگرانە بلیّم هەموو نووسەر و روناکبیریّك, چونکە رەنگە نووسەر هەبیّ ئەمە بەگرفتی خۆی نەزانیّ, یا کیّشەی نەتەوایەتی هیّندە لاگرنگ نەبیّ. مەبەستم هەموو ئەوانەیە کە بەشیّوەییّ لەشیّوەکان لەئازارەکانی نەتەوەی کورد دەدویّن. ئەرکی سەرشانە چونکە ئەمە بەشیّکی گرنگی خەباتی رزگاری نەتەوایەتییە. بەواتایەکیتر ئیّمە وەکو نەتەوەیەکی ژیّردەست کەوتووینەتە بەر شاڵاوی تواندنەوە لەهەموو ئەو بوارانەی کەبەهای گرنگن بۆ نەتەوە (ناسیۆن) و بەنەتەوەبوونمان. بۆیە خەباتی نەتەوایەتیمان پیّویستە لەهەموو بوارەکانەوەبیّ و لەهەموو بوارەکانەوە بەرەنگاری ئەم تواندنەوەو پاکسازییە ببیّتەوە, کە نەتەوە داگیرکەرە باڵادەستەکان پیادەی دەکەن.

دیارە بەهاکانی نەتەوە زۆرن, گرنگەکانیان: زمان, خاك, میّژوو, ئایین, ترادیسیۆن و کەلتووری هاوبەش, هەستی نەتەوایەتی هاوبەش. وەك دیارە بەهای تریش هەن کەبۆ بەنەتەوەبوون گرنگن, هەندیّکیان گەر لەزمان گرنگتر نەبن چیان لەزمان کەمتر نییە. هەر یەکیّك لەم بەهایانە پیّویستیان بەگرنگی پیّدانی تایبەت هەیە.

بەهۆی ئەم ماوە دوورودریّژەی ژیّردەستەیی کوردستان, زمانی کوردی هەرگیز نەیتوانیوە ببیّتە زمانی سەرەکی واتە زمانیّ کە لەبوارەکانی نووسین, زانست و دەسەڵاتدا جیّگای یەکەمی پیّبدریّ. بەکورتی لەم ماوەیەی ژیّردەستیەدا زمانەکانی عەرەبی, تورکی و فارسی زمانی باڵادەست بووینە, هەرچی زمانی کوردییە ریّزی نەگیراوەو کەم بایەخ ماوەتەوە. ئەم کەم بایەخیەی زمانی کوردی لەبوارەکانی رامیاری, ئابووری, ئایین و کۆمەڵایەتیدا وایکردووە گەلیّ لەنووسەرانی یا "روناکبیرانی" کوردی ئەم سەردەمانە بایەخ بەزمانی کوردی نەدەن. ئەمە وامایەوە تا لەسەدەی حەڤدەهەمدا, هۆزانڤان و رۆشنبیر خانی بە هۆنراوە کوردیەکانی بانگی یەکگرتنی نەتەوەی کوردی کردو هەوڵیدا سەنگایی و کەسایەتی مرۆڤی کورد

بەرزبکاتەوە, هەروەها لەسەدەی نۆزدەهەمدا هۆزانڤان و رۆشنبیر نالی بریاریدا هۆنراوەکانی خۆی بـەزمانی کوردی, زمانی سادە و شیرینی خەڵك بهۆنێتەوە[1] . کە دەفەرموێ:

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

ئەو زانیاریانەی بەدەستەوەن ئـەوە دەردەخـەن کەهـەوڵی رۆشـنبیرانی کـورد بەمەبەسـتی بەرزکردنـەوە و زندووکردنەوەی زمانی کوردی لەسەردەمی ئەوانەوە دەست پێدەکات. ئەو هەوڵە پیرۆزەی زندووکردنـەوە و پێشخستنی زمان لەو ساتەوە درێژەی هەیە, بەڵام بـەهۆی باڵادەسـتی نەتـەوە داگیرکـەرەکان لەوسـاوە تـا ئەمرۆ, ئەم هەوڵە کۆسپی زۆری بۆ دروستکراوە و هەندێجار تارادەیەکی کوشندە سەرکوتکراوە.

دیارە بەهۆی زیاتر هوشیاربوونەوەی نەتـەوەی کـوردو دەسـتکردن بەخـەباتی رزگـاری نیشـتیمانی, زمـانی کوردی بەگشتی بەرەو بوژانـەوە و گەشـانەوە هـەنگاوینا. لەپـەنجاکان, شێسـتەکان و حـەفتاکانی سـەدەی رابردوودا زمانی کوردی بەتایبەتی لە خوارووی کوردستاندا و بەهۆی ئەو ئازادیە کەمـەی کـەپێی رەوابینـرا, زۆر بەرچـاوانە گەشـەیکرد. ئـەو شـێوە نووسـینەی کـە ئـەمرۆ لـەخواروو و رۆژهـەڵاتی کوردسـتان پـەیرەو دەکرێ, لەچاکە و کۆششـی نووسـەران و رونـاکبیرانی ئەوسـاوەیە. ئـەوان توانیـان بنچینەیەك بـۆ رێزمـانی کوردی دابرێژن و تارادەیەکی باش گەشە بەزمانەکـە بکـەن. بـەڵام هەوڵەکـەیان کـەموکوڕی و هەڵەشـی تیـا هەبووە, ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوەو هیچ کارێکی بابەتی و زانستیانە نییە بێکـەموکوری بێـت. بۆیـەش زمان وەك هەر بوارێکیتری زانستی, بەردەوام پێویسـتی بەچـاککردن و گەشـەپێکردن هەیـە. نموونـەی ئـەو هەڵانەی کەوتنە ناو زمانی کوردی, دەتوانرێ لەچەند لایەنێکەوە سەیر بکرێن, لەوانە:

1– هێنانی هەندێ ووشەی عەرەبی و چەسپاندنی لەناو زمانی کوردی. ئەو ووشانە گەلێکیان بەرامبەریان بەکوردی هەیە کە دەبووایە بەهیچ شێوەیەك ووشە عەرەبیەکە زاڵنەکرێتە سەر کوردیەکە, نمونە: حیزب, شاعیر, شیعر, سیاسەت هتد.. .

2– هێنانی هەندێ ووشەی عەرەبیتری وەك بۆ نمونە: وەزیر, وەزارەت, حکومـەت, دەولـەت هتـد.. رەنگـە هێنانی ئەو ووشە عەرەبیانە ئەوەبووبێ کە لەلایەك ووشەی کوردی بەرامبـەر نـەبووە, لەلایـەکیتر دەسـتیان نەگەیشتووەتە سەرچاوەی رەسەنی ووشـە هاتووەکـە, تـاکو بتـوانن ووشـەکە وەکـو سەرچـاوە رەسـەنەکە بەکار بهێنن, ئیتر بەهەر هۆیەکبێ ئەم ووشـانە هاتنـە نـاو زمـانی کـوردی و جێگایـان پێـدرا, کـەدەکرا ئـەو ووشانە وانەبن.

3– وەرگێڕانی کتومتی ووشەیی بۆ ووشەیەکی بێگانە بەتایبەتی عـەرەبی, واتـە دۆزینـەوەی ووشـەیەك کـە واتای ووشەکە وەك ووشە بدا. لەروانگەیەکی بابەتیانەوە, یەکەم: وەرگێڕان چاکتر وایە بۆ ووشە رەسەنەکە بکرێ, واتە وەرگێڕان بۆ ئەو ووشەیەی کەئۆرگیناڵە, نەك ووشـەیەکی وەگێـڕدراو. دووەم: چـاکتروایە زیـاتر بیر لەفەرمانی ووشـە بێگانەکـە یـا فـەرمانی ئـەو کـارە بکرێتـەوە کەووشـەکەی بـۆ بـەکاردەهێنرێ, ئـەوجا ووشەیەکی کوردی بۆ دابنرێ کەگونجاوبێ لەگەڵ فەرمانەکە و پڕبەپیستی کارەکەبێ.

[1] عةبدولآ ئةشمو, رؤذنامةي ميديا

پێویسته بگوترێ کەوا ئەو گەشەکردنەی زمانی کوردی لەخوارووی کوردستاندا لەزۆر کاتدا لەژێر سایەو چاودێری داگیرکەردا بووە, بۆیە کۆسپ خراوەتە بەردەمی دڵسۆزانی زمان و تەنگوچەڵەمەیان بۆ دروستکراوە. دیارە ئەو ئازادیەش کەپێیان ڕەوابینراوە, سنووردارببووە.

زمان یەکێکە لەو بەهایانەی نەتەوە کەوا بەردەوام لەگۆڕاندایە, ئەمەش زمانی کوردی وەك هەر زمانێکیتر دەگرێتەوە. ئەم پرۆسیسی گۆرانکاریە پەیوەستدارە بەگۆڕانە کۆمەڵایەتی, ئابووری, رامیاری و ئایینیەکان. بەهۆی ئەم گۆرانکاریانە, کە بەتایبەتی لەبوارەکانی تەکنەلۆژیاو میدیادا زیاتر بەرچاودەکەون, مانگانەو ساڵانە بەدەیان و سەدان ووشەی نوێ دەهێننە ئاراوە. هاتنی ئەو ووشەو چەمکە نوێیانە ئەوە دەخوازن کەوا هەر نەتەوەیەك لەفەرهەنگی ساڵانەی خۆیدا تۆماریان بکا, جا بەو شێوەیەی کە لەلایەن زمانزانانی ئەو شوێنە پەسند دەکرێن. پاشان ئەو فەرهەنگە نوێییە بکەوێتە بەردەستی خوێندەوارانی ئەو وڵاتە, تاکو خوێندەواران بتوانن سوود لەووشە نوێکان بەشێوەیەکی راست و دروست وەربگرن, واتە چ شێوازی نووسین یا گوتن. بەم شێوەیە فەرهەنگەکە بۆ زمانەکە دەبێتە ستانداردێك.

بۆ نمونە لەدانیمارك هەرکاتێ خوێندەوارێك رووبەرووی ووشەیەکی نوێ دەبێتەوەو لەشێوازی نووسین و گوتنی هەروەها واتای ووشەکە ناگا, یەکسەر پەنادەباتە بەر فەرهەنگەکەی و چی لەفەرهەنگەکەدا نووسراوە ئەوە پەیرەو دەکا.

واتە ووشەکە جگە لەوەی کەواتاکەی روونکراوەتەوە, بە دانیمارکی کراوەو ئامادەیە بۆ بەکارهێنان. ئەو ووشانە لەزۆربەی بارەکاندا وەکو سەرچاوە ئۆرگیناڵەکە واتە رەسەنەکە بەکاردەهێنرێن. گەر ووشەیەکی دانیمارکیشی بۆ دابنرێ, ئەوا زیاتر بیر لەفەرمانی یا ئەرکی ووشەکە دەکرێتەوە, نەوەکو وەرگێڕانێکی وشك و کتومتی ووشەیی.

دیارە لەوڵاتێکی وەك دانیمارك بەسەدان پسپۆڕ و شارەزای زمان هەیەو زۆربەشیان پشتگیری ئەم پرۆسیسە دەکەن. خوانەخواستە من بەراوردی دانیمارك و کوردستان وەکو یەك ناکەم و ناڵێم توانای ئێمە وەکو ئەوانە, بەڵام باشە پیاو بزانێ, چۆن نەتەوەیەکی هۆشیار هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا دەکات و بەرەوپێشی دەبات.

بە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد لەزۆرکاتی مێژوودا ژێردەست بووە, بەهەمان شێوەش زمانەکەی نەیتوانیوە هەناسەیەکی ئازادانە هەڵکێشێ, بۆیە گەلێ ووشە هەن بەتایبەتی لەبوارە زانستیەکاندا نوێ نین و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی رابردوو, بەڵام بۆ ئێمە نوێن و ئێستا زمانی کوردی پێیان ئاشنا دەبێ. جا ئەو ووشە کۆنانەی کەبۆ کورد نوێن, هەروەها ووشە نوێکان کە بەردەوام لەزیادبووندان, هەموویان وەك شالاوێك روویان لە زمانەکەمان کردووە. ئێ زمانی کوردیش دەبێ پێشوازی لەم ووشەو چەمکە نوێیانە بکا, گەر بیەوێ بەتێروتەسەلی لەبوارە زانستیەکان و گۆڕانکاریەکانی دەوروبەری بگاو لەکاروانی گەشەکردنی زمانەکانیتری جیهان دانەبڕێ.

دیارە پێداویستیەکانی سەردەم ئەوەیان سەپاندۆتە سەر زمانی کوردی, زمانی کوردیش بە شێوەیێ لەشێوەکان ئەو ووشەو چەمکە نوێیانەی تاڕادەیەك وەرگرتووەو وەردەگرێ, بەڵام تاڕادەیەك بەشێوەیەکی چەوت و ناگونجاو.

شایانی گوتنە جگە لەو ووشە نوێیانە, گەلێجار ووشەی عەرەبی بەبێ هیچ هۆیەکی هۆشمەندانەو گونجاو, لەناو زمانی کوردیدا زۆردیار و زەقن. ئەمەش لەهەموو لایەنەکانی راگەیاندنی کوردیەوە بەراشکاوی

دەكەونە بەرچاو, بۆنمونە لەكەناڵی تەلەڤیزیۆن, رادیۆ, گۆڤارو رۆژنامە, كۆرو سیمینار, ووتەی مامۆستای زانكۆكان, ووتەی بەرپرسی پارتەكان هتد.. .

ئەو دیاردەیەی هاتنی ووشەی عەرەبی بەم شێوە بەربڵاوە بۆ ناو زمانی كوردی, گەیشتووەتە ئاستێ كەئێستا لەناو هەڵبەستی كوردیش دەكەونە بەرچاوو بۆتە مۆدیل! ئەمە ئەوە دەردەخا كەراگەیاندنی كوردی و مرۆڤی كورد تا چ رادەیەكی زۆر كەوتۆتە ژێر كاریگەری بیر و راگەیاندنی عەرەب و زمانی عەرەبی.

ئەو ووشە عەرەبیانە زۆرناڕەوایانە دەهێنرێن و لەشوێنی ووشە كوردیەكاندا دەسەپێنرێن. لەهەندێ باردا ووشەی كوردی گونجاو هەن كەچی ووشە عەرەبیەكە جێگەی ووشە كوردیەكە داگیردەكا. لەراستیدا هێنانی ووشەی عەرەبی و دانانی لەشوێنی ووشەی كوردی بەعەرەبكردنی زمانی كوردییە. نمونەی ئەو ووشانە: ئەقلیم, مەراسیم, ئیشكالیات, فكری, عەقل, مەكتەب, قسم, تەمەننا, مەنفا, متابەعە, حالەت, خەلیج, فەزا, علمانی هتد.. .

دیارە نمونەی لەم جۆرە ووشانە زۆرن, شایانی باسە ئەم ووشانە هەرهەموویان بەرامبەریان بەكوردی هەیە و ووشە كوردیەكانیش زۆر بەتام و چێژترن. بەكورتی هەرچۆنی بێ و بەهەر شێوەیەكبێ چاكترن و گونجاوترن چونكە كوردین.

دیاردەیەكیتر كەبەتایبەتی لەبابەت و لێكۆڵینەوە زانستیەكاندا دەكەونە بەرچاو, ئەوەیە هەندێ ووشە راستەوخۆ لەزمانی عەرەبییەوە دەهێنرێ و بەسەر زمانی كوردیدا دەسەپێنرێ. ئەو ووشانەش لەبنچینەدا لەزمانیترەوە بەتایبەتی ئینگلیزی, فەرەنسی و زمانە ئەورووپیەكانیتر سەریان هەڵداوە. عەرەب هاتووە ئەو ووشانەی بەگوێرەی تێگەیشتنی زمانەكەی خۆی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و بۆخۆی بەكاریدەهێنێ, كوردەكەش رێك و راست دەچێ ئەم ووشە وەرگێڕدراوە عەرەبییە دەهێنێتە ناو زمانەكەی خۆی وەكو ئەوەی زمانە عەرەبییەكە سەرچاوەی رەسەنی ووشەكەبێ. نمونە: نوخبە, مەدەنی, مەعریفە, ئەخلاقی, عەقلانیەت, نەوعیەت, عەولەمە هتد.. . پێویستە بگوترێ ئەم ووشە عەرەبیانە تێگەیشتنێكی عەرەبی دەگرنەخۆیان, كەكوردەكە بێ یەكودوو وەریدەگرێ, ئەم تێگەیشتنە عەرەبیەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ناو زمان و جۆری بیركردنەوەی مرۆڤی كورد. یا هەندێ جار كوردەكە هەڵدەستێ بەوەرگێڕانی ووشە عەرەبییەكە كەخۆی ووشەیەكی وەرگێڕدراوە, واتە كوردەكە ووشەكە بۆ جاری دووەم وەردەگێڕێ كەرەنگە ببێتەهۆی زیاتر دووركەوتنەوە لەمەبەستی سەرەكی ووشە رەسەنەكە خۆی. بۆنمونە كورد هەندێجار لەجیاتی ووشەی عەرەبی "نوخبە" كەخۆی ووشەیەكی وەرگێڕدراوە, ووشەی هەڵبژاردە بەكاردەهێنێ. رەنگە ووشەی هەڵبژاردە زۆر ناگونجاو نەبێ, بەڵام باشترین ووشەش نییە.

دیارە عەرەب چی بۆخۆی بەكاردەهێنێ و چۆن ووشە وەردەگێڕێ لای من گرنگ نییە, بۆیە نامەوێ بچمە ناو ئەوەی ئایا ئەم ووشەیە گونجاوە یا نا. ئەوەی لای من گرنگە ووشە كوردیەكەیە. ووشەی "هەڵبژاردە" ووشەیكی پانوپۆڕەو دەكرێ گەلێ واتای بۆ دابنرێ. مەبەست لە هەلبژاردە چییە? بەهەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی وڵاتیش دەگوترێ هەڵبژاردە. ئایا ئەوانە خەڵكێكن بەدەنگدان هەڵبژێردراون? ئایا ئەوانە هەڵبژێردراون لەلایەن دەزگایەكی یاساییەوە? ئایا ئەوانە سەر بەگروپێكی تایبەتن? رەنگە ووشەی "هەڵبژاردە" واتایتری لەلایەن خوێنەرەوە بخرێتە پاڵ. بەڵام ئایا ووشەكە لەبنچینەدا چییەو سەرچاوەكەی لەكوێییە?

ووشــه ئۆرگیناڵەکــه خــۆی "ئێلیــت"ــه (Elite) کــه لەبنچــینەدا ووشــەیەکی فەرەنســیەو لەســەدەکانی رابردووەوە سەری هەڵداوە. واتای ووشــەی ئێلیــت بــەکورتی: باشــترین و زیــرەکترین بــەش لــەناو گروپێکــی دیاریکراودا. واتە ئێلیت دەکرێ بەباشترین و زیرەکترین کەسانی ناو گروپێکی سەربازی بگــوترێ! بەهــەمان شــێوە دەتــوانرێ بەباشــترین و زیــرەکترینی نێــوان گروپێکــی یاریزانــانی بالــە بگــوترێ! یــا بەباشــترین و زیرەکترینی نێوان دەستەیەکی بازرگــان بگــوترێ, یــا بــۆ بەدەســەلاتترین کەســانی گروپێــك بەکاربهێنــدرێ! بەکورتی ئێلیت لەهەموو بارودۆخێکدا پەیوەستدارە بەگروپێکی دیاریکراوەوە, هــەروەها ئــەو کەســانەی کــە بەئێلیت دادەنرێن مەرج نییە هەڵبژێردراوبن, مەرج نییە بەڵگەنامەی ئەکادیمیان هەبێ.

ووشەی ئێلیت یەکێکە لەو ووشانەی کەبوونەتە نێونەتەوەیی و گەلــێ لەنەتەوەکانی جیهان وەکو خۆی بەکاری دەهێنن. ئەو نەتەوانە هەندێکیان خاوەنی زمانی دەوڵەمەندن, هەروەها خاوەنی بەهەزاران شارەزا و زانای زمانن. ئەوان بەو پشت ئەستووری و دەوڵەمەندیەی خۆیان, ئەوەیان لاپەسندە, ووشەکە وەك خۆی وەرگرن. دیارە ئەوان دوای توێژینەوەو هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئەم رێگایەیان هەڵبژاردوە. بۆیە باشتر وایە ووشەکە وەکو خۆی بەکاربهێنرێ, چونکە ووشەکە وەکو خۆی واتا پڕبەپێستەکە دەدا بەدەستەوە.

ئەم ووشەی ئێلیتە کوردی نییەو بێگانەیە بەزمانی کوردی, بەلام لەبەرئەوەی لە گەلــێ بواری زانستیدا رۆڵی دیار دەبینێ, بۆیە زمانی کوردی پێویستی پێی هەیە. وەرگرتنی ووشەکەش بەشێوە ئۆرگیناڵەکەی دەبێتــە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی. جا دەکــرێ ئــەم پێــوەرە یــا ئــەم رێگاچــارەیە بــۆ هــەموو یــا زۆربــەی ووشەی لەم جۆرە گونجاوبێ.

بەلام وەرگرتنی ووشەی "نوخبەی" عەرەبی کە خۆی وەرگێڕدراوی ووشەی ئێلیتە, دەبێتە هۆی شــێواندنی زمانی کوردی, چونکە ووشەکە: یەك ئۆرگیناڵەکە نییە. دوو خۆی وەرگێڕدراوە. سێ تێگەیشــتنێك دەگرێتــە خۆی کەکوردی نییە بەڵکو تێگەیشتنێکە سەرچاوەکەی نەتەوەی باڵادەستی عەرەبی داگیرکەرە.

راستر وایە ئەو ووشانەی ئەنتەرناســیونالن واتــە نێونەتــەوەیین وەکــو خۆیــان بهێنرێنــە نــاو زمــانی کــوردی, ئەگەر ووشەی کوردیشیان لە بەرامبەر بۆدابنرێ, ئەوا پێویستە لەبەر رۆشــنایی واتــای ووشــە رەســەنەکەوە بێت, نەوەکو ووشەیەکی وەرگێردراو.

لەخراپترین باردا گەر ووشەیەکی کوردی بۆ ئەرکێك دانرا, ئەوا ئەو ووشە کوردییە, هەرچۆنێکبێ زۆرچاکترە لە ووشەیەکی عەرەبی, کەووشەی نەتەوەیەکی بێگانەی داگیرکــەرەو لــەم کــەلتوورەش سەرچــاوە دەگــرێ. بۆنمونــە ووشــەی هەڵبــژاردە هەرچــۆنێکبێ چــاکترە لەنوخبــەی عــەرەبی, لەگــەڵ ئــەوەی ووشــەکە دەکــرێ رەخنەی لێبگیرێ.

نمونەیــەکیتری وەرگێــڕان لەووشــە وەرگێــڕدراوە عەرەبیەکــەوە: "گــەمارۆی زیرەکانــە" کــە لــە "عقوبــات زەکیـــە"ی عەرەبیـــەوە وەرگێـــڕدراوە. ووشـــەکە خـــۆی (Smart-sanction) سمـــارت سانکشـــیۆنی ئینگلیزییە. لەراستیدا ووشەی سمارت واتایەکی کتــومتی زیــرەك نییــە, بەواتایــەکیتر زیــرەك واتــای تــەواوی سمارت نــادا بەدەســتەوە. سمــارت لەســەرووی زیرەکیدایــە, سمــارت دەکــرێ بــۆ رێکوجــوان بــەکاربهێنرێ, سمارت دەکــرێ بــۆ کــاری ناکــاوی ژیرانــە بــەکاربهێنرێ. بۆیــە زۆرجــار کەوتنــە نــاو هەڵەیــە گــەر وەرگێــڕان لەووشەیەکی وەرگێڕدراوی عەرەبیەوە بکرێ.

پێویسته بگوترێ, ئەو ووشانەی سەرچاوەکەیان عەرەبەو ووشـەکە هـی ئەوانـە بـۆ نمونـە: قورئـان, فـەتوا, غەزا هتد. ئاسـاییە وەك خۆیـان بـەکاربهێنرێن یـا بکوردێنـدرێن, بۆیـە مەبەسـت لـەو جـۆرە ووشـانە نییـە, مەبەست لەو ووشانەیە کە بەعەرەبی کراون و لە بنچینەدا عەرەبی نین.

ئەو ووشانەی ئاسان نییە ووشـەی کوردیـان بـۆدابنرێ, راسـتتروایە ووشـەکان وەکـو سەرچـاوە رەسـەنەکە بـەکاربهێنرێن, هــەروەها ئــەو ووشــە عەرەبیانــەش کــە تائێســتا بــەکاردەهێنرێن پاکبکرێنــەوەو بەووشــە رەسەنەکان جێگایـان پڕبکرێتـەوە. واتـە بۆنمونـە لـەجیاتی ووشـەی مـەدەنی عـەرەبی, (Civil) سـیڤیل دابنرێ. لەجیاتی ئەخلاقی عەرەبی (Moral) مۆڕال بەکاربهێنرێ, ئیتر بەمجۆرە.

هەروەها ئەو ووشە عەرەبیانەی کەووشەی کوردیان لەبەرامبەردا هەیـە, کـە لەڕاسـتیدا گـەلێجار ئـەو ووشـە عەرەبیانە شوێنی ووشە کوردیەکانیان داگیرکردووە, پێویستە ئەو ووشـانە توورهەڵـدرێن و زمـانی کوردیـان لـێ پاك بکرێتەوە.

جیا لەو گرفتانەی سەرەوە, کێشەیەکیتر کەزمانی کوردی تێیکەوتووە, کێشەی شێوەی نووسینە. واتە ئـەو شێوەیەی ووشە سادەو لێکـدراوەکانی پێدەنووسـرێ. ووشـە کوردیـەکان بەشـێوەی جیاجیـا دەنووسـرێن, هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامە بەشێوەی تایبەت بەخۆیان دەنووسن. ماڤی ئـەوەیان بەخۆیانـداوە وەکـو ناوەنـدێکی شارەزاو پسپۆڕی زمان هەڵسوکەوت بکەن. بۆ نمونە: ووشەی **"چی بکرێ"** . هەندێ دەنووسن **چـی بکـرێ**, هەندێکیتر دەنووسێ **چیبکرێ**. دیارە ئەمە ووشەیەکی لێکدراوە. هەندێ ووشەکان لەیەکتر جیـا دەکەنـەوە, هەندێ بەیەکیانەوە دەنووسێنن. نمونەیەکیتر بەکارهێنانی پیتی **"و"** لە هەندێ ووشـەدا, هەنـدێ یـەك **"و"** دەنووسن, وەکو ووشەی **"کردوە"**. هەندێ دوو **"و"** دەنووسـن, واتـە **"کـردووە"** هتـد.. . لـەم دوایيانـەدا هەندێ سێ **"و"** لەهەندێ ووشەدا بەدوای یەکدا ریزدەکەن! من لەراستی یا چـەوتی ئـەو شـێوە نووسـینانە نـادوێم, بـەڵام ئەمـە گرفتێکـی زمانەکەمانـەو پێویسـتی بەچارەسـەر هەیـە. چـونکە ئەمـە بووەتـە هـۆی سەرلێشێواندنی خوێنەری کورد, خوێنەر دەپرسێ ئایا کام شێوە نووسـین راسـترەو کـام شـێوە نووسـین پەیڕەوبکرێ چاکترە؟!

دیارە لەبەر نەبوونی دەزگایەکی یا ناوەندێکی سەرەکی کەوا بۆ رێزمانی کوردی تەرخان کرابێ, بەشێوەیێ کەئەرکی پاککردنەوەو پاکڕاگرتن, گەشەپێکردن و مۆدێرنکردن هەروەها شێوازی نووسینی زمانی کوردی بگرێتە ئەستۆ, زمانی کوردی تووشی ئەو کێشانەو کێشەیتر بووە.

پێویستی هەبوونی ناوەندێکی ئاوا, جا ئەو ناوەندە ناوی ناوەندی رێزمانی کوردی بێ یا ناویتر گـرنگ نییـە, گرنگ ئەوەیە هەبوونی ئەو ناوەندە یەکێ لەپێداویستییە زۆر لەپێشەکانە. ئەمـەش پەیوەنـدی بـە نەتـەوەو گشت هەیە, بۆیە گەورەترە لە بەرژەوەندی تایبەتی ئەو پارت و ئەم پارت یا ئەو دەزگا و ئەم ناوەند.

ئەمڕۆ لەکوردستاندا دوو دەسەڵات هەن, کەهەردوولایان وەکو حکومەت توانای زۆریـان هەیـە, واتـە توانـای دارایی, جێگا, خەڵك و کەرستەیتری پێویست, بۆیەش ئەوان دەتـوانن و پێویسـتە لەسـەریان ئـەم دەزگایـە دروست بکەن. وە پێویستیشە ئەم کارە شارەزا و زمانزانانی دەرەوەو ناوەوە بگرێتە خۆی و یـەکگرتووبێ, تاکو ئەم دەزگایە رەوایەتیەکی سەرتاسەر یا بەلایەنی کەم زۆربە وەربگرێ و کارەکانیـان بـۆ خوێنـدەوارانی کورد لەناوەوە و دەرەوەدا ببێتە ستاندارد.

بە هەبوونی ئەم جۆرە ناوەندە یا دەزگایە دەتوانرێ ئەم کێشانەی کەزمانی کوردی لە خواروو و رۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی بووە چارەسەر بکرێ.

بـۆ نمونـه بـه دەرکردنـی فەرهـەنگێکی سـاڵانەی کـوردی — کـوردی وەك بـۆ نمونـه فەرهـەنگی سـاڵانەی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی — ئینگلیزی, زۆربەی ئەم گرفتانە نامێنن. واتە فەرهەنگێکی ساڵانە کەووشە نوێکـان بگرێتـەخۆی, واتاکانیـان بـۆ خوێنـەر روونکاتـەوە, رۆڵ و تایبەتمەنـدی رێزمانییـان روونکاتـەوە, هـەروەها شێوەی نووسینیان بەخوێنەر بگەیەنێ, تاکو خوێنەر بتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو و راست بەکاریان بێنێ. لەبەرئەوەی گۆڕانی زمان شتێکی جیانەکراوەیە لەو گۆڕانکاریانەی جیهانی ئـەمرۆدا, دەرکردنـی فەرهـەنگی ساڵانە کارێکی پێویستی لەپێشی هەر ناسیۆنێکە. دیارە لە زۆربەی وڵاتان دەرکردنی فەرهەنگی سـاڵانە زۆر سروشتییە. راستە کورد توانای ئەو وڵاتانەی نییە, بەڵام ئەم کارە دەکرێ گەر مەبەست و ویست هەبێ.